www.kurdistannet.org
20-6-2007 15:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ویسگەی چاوەڕوانی ... ئارام حەمە

aramhama@yahoo. com



دەوەرەوە زۆر لە مێژە لەم ویسگەیەدا وەستاوم
ئاوی پێیەکانم داهات... !!.
چەندین شەمەندەفەر هاتن
ئەوەی (جینا) بۆچی نەهات؟
دەوەرەوە چەندین حۆری لە پێشوازیتا وەستاون
گوڵ بەدەستن
تار دەژەنن
هەموو نەرمن
وەکو ئاون
بۆ نازانی بە سوتانی ئەم دڵەی من
خۆ من هەموو ڕۆژێك دەمرم
دڵ رەقی تۆ کەچی من هەر وەکو بەفرم
لەبەردەم خۆری عەشقتدا وردە وردە دەتوێمەوەو
دەبم بە ئاوی باراناو
بەشەونمی سەر قەرسیلەکانی ئێرە
دەوەرەوە چی دی بەرگەی دوریت ناگرم
فرمیسك نەما.... . لەبری فرمیسك خوێنی چاوەکانم
دەسڕم...
ئێواران لە غروبی سور ڕادەمینم
نەورەسەکانیش نایەن تا یەك بەیەك
بیان دوێنم
بپرسم بۆ بە ئاوازی غەمگین دەخوێنن؟
بۆ چێژ لە فرێن نابینن؟
خۆمن باڵەکانم کورتن
قەت نافڕم
گەر دەفریم بە ئاسماندا دەچوم بە دواتدا دەگەڕام
لەهەر بستێکی جیهان بیت پەرندەم و هەر دەت بینم
بەڵام چی بکەم
قەد نافڕم
لێم مەپرسە بۆچی ماتی من بە دەردی تەنهایی دەمرم
عومری جوانیمت هەموو برد ئیستا بە گۆچان ڕی دەگرم
عەشقی تۆ هەناوی سوتاندم
وەك کێوی گور

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-6-2007 15:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تۆزیکت لە کل بدەمی؟
بۆ جاوە مردوەکانت.... ....
ئەو چاوانەی پڕ پڕ بوون لە ماسی مردوو.... .... .. !

تێبینی /ئەم پارەگرافە بەشێکە لە قەێیدەیەکی گەورە بە ناوی (دوو چاوی پر لە ماسی مردوو) کە دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە سەتەلایتی کوردستان بەرنامەی (دیوان) خوێندمەوە.
ناونیشانی (دوو چاوی پڕ لەماسی مردوو) لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) ی نوسەر (شێرزاد حەسەن) ە وە وەرم گرتوە بە دەستکارییەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.